# ژیانی فیکریی ئۆجەلان

بێهرەنگ سەدیقی

و. وریا ئەحمەد

باسکردن لە ژیانی فیکریی ئۆجەلان، هەروەک زۆرێک لە کەسایەتییە هاوشێوەکانی خۆی، تێکەڵەیەکە لە ئەفسانە و ڕاستی. ئەو بەرهەم و کتێبانەی کە ئەو تائێستا نوسیونی، لە شوێنێکدا دەوترێت سەد بەرگ و لە شوێنێکی تریشدا دەوترێت گوایە پێنج سەد بەرگە. ئەو کتێبانەشی کە لە زینداندا خوێندوونیەتەوە، هەمان چیرۆک لەبارەیانەوە هەیە. دەوترێت لەماوەی ئەم ساڵانەی نێو زینداندا ٣٥٠٠ کتێبی خوێندووەتەوە. بەرهەمی زۆرێک لە بیرمەندان و فەیلەسوفان لەنێو ئەم کتێبانەدا هەن کە ئەو خوێندوونیەتەوە. خودی ئۆجەلان لە بەرهەمەکانی خۆیدا ناوی ئەم کەسانە دێنێت: بوکچین، ڤۆلرشتاین، برێڤدل، نیچە، فۆکۆ، گۆندەر فرانک، گۆردن چایڵد، گیدنز، هانتیگتۆن و برژینسکی. ڕەنگە بتوانرێت لە بەرهەمەکانی ساڵانی زیندانیی ئۆجەلاندا، زیاتر کاریگەری و جێدەستی نوسینەکانی مۆری بوکچین ببینرێت. بوکچین، ڕچەدانەر و بنیاتنەری ئایدیای «ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی» یان بزاوتی ناسراو بە (ئیکۆئانارشیزم)ـە و، سەرباری ئەو پێشینە ستالینییەی، لە دەیەی چلەکانی سەدەی بیستەوە بەرەو ترۆتسکیزم ڕووی هێنا و بۆ یەکێک لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی فیکری ستالینیزم گۆڕدرا. بەپێی وتەی هاوژینەکەی بوکچین، ئەو دەمەی ئۆجەلان لەساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتی کینیا دەستگیرکرا (ڕفێنرا) و بوکچین ئەم هەواڵە دەبیستێت، دەمودەست ئۆجەلان بە یەکێکی تر لە ڕابەرانی فیکریی مارکس/لینینیزم هەژماردەکات کە لەناو داوی ستالینیزمدا گیری خواردووە. بوکچین بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەخنەگری ئەم جۆرە ڕابەر و کەسایەتییانە بوو، ئەو باوەڕی وابوو ئەم جۆرە کەسانە لە ویست و خواستی خەڵکی بۆ ئازادی خراپ کەڵک وەردەگرن و خەڵک و جەماوەر بەرەو دۆگماتیزم و دەوڵەتگەرایی و تەنانەت بەپێچەوانەی ڕواڵەتی

بانگەوازی خۆیانەوە، بەرەو سەرمایەدارییش پەلکێش دەکەن. بوکچین لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی، کە بەشێکی گەورە لە فیکری شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیستانەی چەپ پاشەکشەی بەخۆوە بینی و دامرکایەوە و زۆرێک لە چالاکوانە چەپەکان ڕوویان لە کاری ئەکادیمی و ژۆرنالیستی کرد، ئەو ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕیی خۆی لەدەستنەدا و پاراستی. بوکچین هاتەسەر ئەو باوەڕەی کە بە وتەی ترۆتسکی بکات، ئەوەی کە ترۆتسکی پێش تیرۆرکرانی لەساڵی ١٩٤٠ وتبووی گەر جەنگی دووەمی جیهانی بە شۆڕشی کرێکاری لە ئەمریکا و ئەورووپا کۆتایی پێ نەیەت، ئەوا پێویستە لە ستراتیژی مارکسیزمدا ئاڵۆگۆڕی فیکری و نوێگەری بکرێت. بوکچین لەنێو بازنەیەک لە هاوڕێیانی خۆیدا بۆ ئەم مەبەستە دەستپێشخەریی کرد. ئەوان بەدرێژایی دەیەی ١٩٥٠ و لەمیانەی دانشتنی هەفتانەدا، هەوڵەکانیان بۆ نوێکردنەوە و ئاواکردنی پرۆژەی شۆڕشگێڕی لە هەلومەرجی تازەدا، چڕکردەوە. بوکچین لەم جۆرە دانیشتنە هەفتانەیدا بوو، کە تێگەیشت چیتر پرۆلیتاریا ناتوانێت ئەو فاکتەرە بێت کە سیستەمی سەرمایەداری لەناوببات. دەبێت فاکتەرێکی تر بوونی هەبێت، تا داوەشانی سیستەم لەناوەوە بکات بە ئەگەرێکی نزیک. بوکچین، دژبەری نێوان سیستەمی سەرمایەداری و ژینگەی بەو فاکتەرە هەژمارکرد کە دواجار دەبێتە قەیرانی ناوەکیی سیستەم خۆی. ئەمە ئەو فاکتەرە بوو بوکچین دەستی خستە سەری، ئەوەی کە ئەم سیستەمە هەم سرووشت وێراندەکات و هەم تەندرووستیی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسییەوە. لەم سیستەمەدا (سیستەمی سەرمایەداری)، بە بنیاتنانی گەورە شاری دابڕاو لە سرووشت، بەرهەمهێنان و بەکاربردنی بێ کۆنترۆڵی کالای ناچیز کە هەم ژینگە پیسکەرن و هەم فشارێکی زۆر لەسەر سرووشت دروستدەکەن، لەپاڵ ئەو فشار و پاڵەپەستۆیەی کە دەکەوێتە سەر خەڵکی بۆ ئەوەی

لەم گەورە شارانەدا و بە خۆگونجان لەگەڵ ئەم سیستەمە مەسرەفگەراییەدا بژین، سەرەنجام سرووشت و ڕۆح و جەستەی مرۆڤ نابود و وێران دەبن. کەواتە قەیرانی سەرمایەداری لە بەکاربردنی هێز و وزەی چینی کرێکارەوە سەرچاوەناگرێت، بەڵکو ئەم قەیرانە لە پرۆسەی داماڵینی خەڵک لە ڕەهەندی مرۆییانەیان و کاولکردنی سرووشتەوە سەرچاوەدەگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، بوکچین هەر لە دەیەی ١٩٥٠ـەوە تاوەکو کاتی مردنی لەساڵی ٢٠٠٦، کۆششی خۆی خستەگەڕ تا بنەماکانی کۆمەڵگایەکی ئیکۆلۆژیک دیموکراتیک دابڕێژێت. هەر ئەم ئایدیایانەی بوکچین بوو کە ئۆجەلان لە دامەزراندنی کەجەکە(KCK) دا سودی لێ بینین. ئۆجەلان لەساڵی ٢٠٠٢دا دەستی بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی بوکچین کرد و بەتایبەت کەوتە ژێرکاریگەریی هەردوو کتێبی (ئیکۆلۆژیای ئازادی The Ecology of - Freedom ) و (شارنشینی بەبێ شار Urbanization without - cities)ـەوە. ئۆجەلان، لەڕێگەی پارێزەرەکانیەوە خوێندنەوەی کتێبی «شارنشینی بەبێ شار»ی بۆ تەواوی سەرۆک شارەوانییەکانی کوردستانی تورکیا و هەروا کتێبی (ئیکۆلۆژیای ئازادی) بۆ گەریلاکان پێشنیازکرد. لە بەهاری ٢٠٠٤دا ئۆجەلان پەیامێکی بۆ بوکچین نارد و تێیدا ڕایگەیاند کە ئەو خۆی بە هەواداری بوکچین دەزانێت و تامەزرۆیە ئایدیاکانی ئەو بۆ کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنیت. بە گوزەرێکی وردتر بەناو ئایدیاکانی مۆری بوکچین دا، باشتر دەتوانرێت ئاستی کاریگەریی ئەو بەسەر ئۆجەلانەوە هەڵسەنگێنرێت. ئیکۆئانارشیزم یان ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی. بوکچین لەوە ئاگادارماندەکاتەوە کە قەیرانەکانی پەیوەست بە ئیکۆسیستەم و ژینگە بەئاستێک قووڵ و ئاڵۆز بووە، درووشمی مارکسیی بنیاتنراو لەسەر سۆسیالیزم یان بەرابەری کە لەڕاستییدا ئەم درووشمە

بانگەوازێک بوو بۆ زیندووکردنەوەی کۆمەڵگا، چیتر وەڵامگۆی پرسە هەنوکەییەکانی ئەمڕۆی ئێمە نیە. ئێستا دەبێت نیگەرانی لەناوچوونی ڕەگەزی مرۆڤ بین و بۆ چارەسەریش جگە لە درووستکردنی ئیکۆتۆپیایەکی (ecotopia) بنیاتنراو لەسەر بنەمای ئیکۆلۆژیک، هیچ چارەیەکی تر بەردەست نیە. بوکچین لەدەیەی ١٩٥٠ خۆی لە بزاوتە کلاسیکییەکانی چەپ لە ئەمریکا دوورخستەوە و فۆرمێکی پێکهاتووی لە ئانارشیزم و تیۆرییە ئیکۆلۆژییەکان خستەڕوو. بەمەش بزاوتێکی لەژێر ناونیشانی ئیکۆئانارشیزم (Ecoanarchism) یان ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی (social ecology) هێنایەئاراوە. هەڵبەت خودی بوکچین لە چەندین بزاوتی لەم شێوەیە (بزاوتی ئانارشیزمی و پارێزەرانی ژینگە) چالاکی کردووە. بەم جۆرە لە ڕۆژگارێکدا کە تیۆرەکانی گەشەپێدان و پەرەپێدان بووبن بە بنێشتەخۆشەی سەر زاران و شەوچەرەی هەموو مێزگردێک، بوکچین هات و لەبارەی لە مەرکەزیەت و «لە سەنتراڵ داماڵین» لە شارەکاندا قسەی کرد و هەموانی بۆ سودبینین و بەکارهێنانی وزەی خۆر و با و ئاو و وزەی تەکنۆلۆژیا ئەڵتەرناتیڤەکان بانگهێشتکرد. ئەم بانگەوازەی بوکچین لە ڕۆژگارێکدا بوو، کە چەپی کلاسیک هەرجۆرە گرنگیپێدان و چالاکییەکی ژینگەیی و ژینگەپارێزیی لەبنەڕەتەوە بە کەڵکەڵەیەکی بۆرژوائاسا هەژماردەکرد. بوکچین لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوو کە گرنگیی بە چەمکە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە شاراوەکانی نێو پرسی ئیکۆسیستەم دەدا و لە سەردەمێکدا کە چەپ سەرقاڵی چەمکی کلاسیکی چینایەتی بوو، ئەو چەمکی گشتگیرتری هەرەمیبوون(هیرارشییەت)ی کردە بابەتی سەرەکی لێکدانەوە و تویژینەوەکانی. بوکچین گەرچی کاریگەرە بە دیالەکتیکی مارکسی، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی ژینگە و ئیکۆلۆژی، بە نەگونجاوی دەزانی.

ئەو، لەپەیوەندیدا بە ئیکۆلۆژی و ژینگەوە، مارکسی بە هاوئاوازی سیستەمی سەرمایەداری هەژماردەکرد، ئاوازێک کە پێی وایە سرووشت قەڵەمڕەوێکی بێ ڕۆح و چرووک و بێڕەحمە و دەبێت کۆنترۆڵ و ملکەچی بکەین. بوکچین ئەم شێوازە دیالەکتیکەی ئیکۆلۆژیزە کرد و خوێندنەوەی جیهانی سرووشتی و جیهانی کۆمەڵایەتیی لە بۆتەقەی یەک تێۆری گشتگیردا تواندەوە و مرۆڤەکانی لەگەڵ گیانلەبەرانی نێو سرووشت و سرووشتی بە هاوپشکی گریمانەیی و تەواوکەری یەکتر هەژمارکرد نەوەک وەکو نەیار و دوژمن بەیەکتر. ئایدیای ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پاگەندای ئەوە دەکات کە تەواوی پرسە ژینگەییەکانی هەنووکە لە شیکاری کۆتاییدا و لەدەرئەنجامدا هێندەی پرسگەلی کۆمەڵایەتیین، هێندە پرسی مەعنەوی یان پرسگەلی تەکنۆلۆژی یان پرسگەلی بیۆکراتیانە یاخود پرسی بایۆلۆژی نین. قەیرانە ژینگەییەکان دەکرێت وەک هۆکاری دەرکەوتنی ئەو پرسانەی سەرەوە لەقەڵەم بدرێن نەوەک وەکو لێکەوتەی ئەو پرسانە. مێژووی دوورودرێژی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە و قۆرخکردن و بەرکاربردنی کایەی کۆمەڵایەتی و جیهانی سرووشتی وەک سەرچاوەگەلێک بۆ بەدەستخستنی سود و قازانج، دەبێت کۆی ئەمانە بە ڕیشەی سەرەکیی ئەم قەیرانانە هەژماربکرێن. بوکچین، ڕێگای خۆی لە بزاوتی باوی ژینگەپارێزی و شێوازە دووبارەکانی ژینگەپارێزی جوداکردەوە، وەک بزاوتی ژینگەپارێزیی لیبراڵ (liberal environmentalism)و ژینگەگەرایی قووڵ (deep ecology)و ئەم بزاوت و شێوازانەی بەئالودە بوو بە وەهمی کاپیتالیزمی سەوز(green capitalism)تۆمەتبارکرد. لە دیدگای بوکچیندا، قەیرانە ژینگەییەکان نە بە چەمک و لێکدانەوە تەکنۆلۆژی و بیۆکراتییەکان (بەواتا ژینگەپارێزییە لیبراڵەکەی) چارەسەردەبن، و نە بە بانگهێشتکردنی مرۆڤایەتی بۆ

هاوئاوازی لەگەڵ سرووشت لەڕێگەی دۆزینەوەی خودی ڕەسەن و خودە قووڵەکەی ناویان (بەواتا ژینگەگەراییە قووڵەکەی) چارەدەکرێن. لەم ڕووەوە چارەسەری قەیرانە ژینگەییەکان پەیوەستە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و ڕێگاچارەی کۆمەڵایەتی-دەزگاییەوە و هاوکات پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە پەیوەندییە هیرارشی و پلەبەندییەکان لەنێو کۆمەڵگادا. ئەم قەیرانانە، بەپشت بەستن بە شێوازە فەلسەفی و تەکنۆلۆژی و بایۆلۆژییەکان چارەناکرێن. بوکچین نکۆڵی لەوە ناکات کە لەپێناو بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ یەکتردا و لەگەڵ جیهانی سرووشتیدا، پێویستی بە فەلسەفە و ئەخلاقیات و هەستوسۆز و دیسپلینی نوێ دەبێتە پرسێکی حاشاهەڵنەگر. بەڵام سەرووتر لەمە، بوکچین پێداگری لەسەر پێویستیی هەبوونی سیاسەتێکی نوێ بۆ سەرپێخستنی بزاوتگەلی نوێی کۆمەڵایەتی دەکات، تا بتوانین جیهانێک بێنینەئاراوە کە لەبری وێرانکردنی جیهانی سرووشتی و جیهانی کۆمەڵایەتی، شێوازێکی کارای ئیکۆلۆژیای ڕووەو کۆمەڵگای هەبێت. کۆمەڵگای ناعەقڵانییەت و دژەژینگە و نەیار بە ئیکۆلۆژیا، قەیرانەکانی لەڕێگەی چەمک و مەفهومی بەشەکییەوە چارەسەرناکرێت. ئەو کەموکوڕییانەی کە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سرووشتدا بوونیان هەیە، لە کەموکوڕیی ناو پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان مرۆڤەکانەوە سەرچاوەیانگرتووە. لەدیدی بوکچینەوە، کێشە و قەیرانە ژینگەییەکان لە مێژووی دوورودرێژی پەیوەندییە هیرارشی و هەرەمئاساکانی نێو کۆمەڵگای مرۆییەوە سەرچاوەیانگرتووە کە لەئێستادا لە چوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریی چینایەتی و قازانجگەرا و کەڵەکەخوازدا هەموو ئەو قەیرانانە لەسەریەک کەڵەکەبوون. بە واتایەکی وردتر، ئەو فاکتەرانەی کە بوونەتە هۆی دژبەریی نێوان مرۆڤ و سرووشت، هێندەی لەهەناوی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکانی

کۆمەڵگاوە سەرچاوەیانگرتووە هێندە لە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا و سرووشتەوە سەرچاوەیاننەگرتووە. بەپێچەوانەی هەندێک لە مارکسییەکانەوە کە هەژموونی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا دەخەنە پێش دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا، بوکچین ئەم فۆرمە لە پەیوەندی ڕەتدەکاتەوە و بەتەواوی پێچەوانەی دەکاتەوە و پەربەرچی ئەو ئایدیایەش دەداتەوە کە پێی وایە دەبوو سەرەتا مرۆڤ بەسەر سرووشتدا زاڵ ببێت و دواتر کۆمەڵگای چینایەتی بنیات بنێت سا بەڵکو ڕۆژێک لەنێو وێرانەوە ئازادی چرۆبکات. بوکچین دەکۆشێت لەمیانەی میتۆدێکی پێوانەیی و هاوسەنگەوە جۆرە ئەخلاقێکی ئیکۆلۆژی و فۆرمێک لەئەخلاقی یەکترتەواوکەرانە پێشنیاربکات کە لەخۆگری جۆرە هارمۆنیەتێک بێت لەنێوان پەرەسەندنی سرووشتی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییدا. کەواتە کرۆکی سەرەکیی توێژینەوەکانی بوکچین بریتییە لە توێژینەوە لەبارەی نەبوونی هەماهەنگی و ناهاوسەنگی لەنێوان ڕەگەزی مرۆیی و گیانداران و سرووشتدا و ئەم ناهاوسەنگییەش لە پەیوەندیی پارادۆکسیکاڵ و دژبەری نێوان مرۆڤ و مرۆڤەوە سەرچاوەیگرتووە. ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەگشتی پەیوەندیی دیالەکتیکیی نێوان کۆمەڵگا و سرووشت دەخاتە بەر نەشتەری توێژینەوەوە و ڕەگەزی مرۆیی بە بەرهەمی هەردوو پرۆسەی پەرەسەندنی سرووشتی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەژماردەکات. بەم جۆرە میتۆدە، دەتوانرێت لەهەناوی ویستی هەژمونخوازی لەنێو جیهانی سرووشتیدا، بوار بۆ ئازادی و داهێنان و تاکگەرایییەکی زیاتر بڕەخسێنرێت.

# کۆمەڵگا دیموکراسییەکان و کۆمۆنالیزم

بوکچین، بەتایبەت لە کتێبی "ئیکۆلۆژیای ئازادی"دا، بە درێژی باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگا هیرارشی و شێوە هەرەمییەکان چۆن پەرەیانسەندووە و چ جۆرە بەرگرییەک لە بەرامبەر ئەم جۆرە لەکۆمەڵگا بەدرێژایی مێژوو ئەنجامدراوە و چۆن دەتوانرێت لەشەڕ و بەڵای ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە ڕزگارمان ببێت. بوکچین، بۆ ڕزگاربوون لەم جۆرە سیستەمە هیرارشی و هەرەمئاسایانە، وەک پێشمەرج ئاواکردن و دامەزراندنی کۆمەڵگای ئیکۆلۆژیک/دیموکراتیک بە بنەما دەگرێت. ئەو کۆمەڵگایانەی کە شارەکان تێیاندا هیچ جۆرە مەرکەزیەتییەکیان نیە و لە سەنترالێتیی خۆیان داماڵدراون، خەڵکی لەچوارچێوەی چەند قەڵەمڕەوێکی دیاریکراوی ڕووبەر مامناوەنددا دەژین کە خۆیان ئەو قەڵەمڕەوانە بەڕێوەدەبەن، پێداویستیی خۆراکیان لەلایەن خودی خۆیانەوە و لەخاکی قەڵەمڕەوی خۆیان دەچیننەوە و لە وزەی پاک کەڵک وەردەگرن. ئەم فۆرمە تازەیە لەکۆمەڵگا، لەلایەن بازاڕ یان دەوڵەتەوە حوکمناکرێت، بەڵکو لەڕێگەی بڕیاری ئەخلاقی و کۆمۆناڵ و هەرەوەزییانەی خودی خەڵکەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەم قەڵەمڕەوانە لەڕاستییدا مۆدێلی کۆمەڵگایی دیموکراتیکن. لەپێناو هێنانەئارای ئەم جۆرە قەڵەمڕەوانە دەبێت مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە بخرێتەلاوە و دەسەڵاتی مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوەش بۆ هاوڵاتیانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە بگوازرێتەوە. لەبەرئەوەی ئەم مۆدێلە لە کۆمەڵگا مۆدێلێکە لەئاستی لۆکاڵیدا کارایە و شیاوی هێنانەئارایە، بۆیە گەر کۆمەڵگا دیموکراتیکەکان بیانەوێت لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی جوگرافیایەکی بەرینتردا کارا بن ئەوا دەبێت لە فۆرمی کۆنفیدراسیۆندا یەکانگیری یەکتر ببن. ئەم ئایدیایە خۆی لەخۆیدا ئایدیایەکی شۆڕشگێڕییە. بوکچین هەر بەم جۆرە ڕێچکەی شۆڕشی دیاری دەکرد. لەڕاستییدا ئەم

کۆنفیدراسیۆنە کە لە کۆمەڵگا دیموکراتیکەکان پێکهاتووە، خۆی لەخۆیدا بۆ جۆرێک لە ئەنتی-دەسەڵاتی دژ بە دەوڵەت-نەتەوەکان دەگۆڕدرێت و سیستەمی هێز و دەسەڵات پەرتدەکات و ئەمەش هەمان ئەو هەلومەرجەیە بە واتا ترۆتسکییەکەی، کە شۆڕش لەهەناویەوە لەدایکدەبێت. بوکچین سەرەتا بەم بەرنامە و پلانەی دەوت دەسەڵاتی خودموختاریی شارەوانییەکان و دواتر ناوی لێنا کۆمۆنالیزم(communalism).

بوکچین هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ تاوەکو سەرنجی چەپگەراکانی ئەمریکا و ئەورووپا بۆ گرنگی و بایەخی ئەم کار و بەرنامەیە ڕابکێشێت. بەڵام لەو ساڵانەی کە ئەو ئەم جۆرە ئایدیایە پەڕیبووە سەریەوە، مێشکی چەپەکان بەجۆرێک بە ماوتسی تۆنگ و هۆشیمین و فیدڵ کاسترۆوە سەرقاڵ بوو، کە سەرنجەکانی ئەویان هەر گوێ لێنەبوو. باس و خواسی هاوشێوەی ئیکۆلۆژی و دیمۆکراسی لەدیدی چەپی ئەو دەمدا، ئایدیاگەلی بۆرژوازییانە بوو. تەنها کەسانێک کە ئامادەبوون گوێ لە بوکچین بگرن، ئانارشیستەکان بوون، کە لەپرسی دژە دەوڵەت-بووندا هاوڕای بوکچین بوون. بەڵام ئانارشیستەکانیش لەبەرئەوەی دژ بە هەرجۆرە دەسەڵاتێک بوون و تەنانەت فۆرمی دەسەڵاتیان لە قاڵبی حکومەتی لۆکاڵی و کانتۆناتدا پێ قبوڵ نەدەکرا و هاوکات کێشەی جدییان هەبوو لەگەڵ پرسی پاڵپشتیکردن لە کەمینەکان لەڕوانگەی دیموکراسیەتێک کە دەنگی زۆرینە بەبنەما وەربگرێت، بۆیە ئەوانیش ئامادە نەبوون ببنە هاوڕێگای بوکچین. بوکچین گەرچی لەم پرسانەدا تەواو هاوڕای ئانارشیستەکان بوو، بەڵام بەبۆچوونی ئەو بۆ گەیشتن بەو فۆرمە ژیانە کۆمەڵایەتییەی کە ئانارشیستەکان چاویان تێ بڕیبوو، سەرەتا شۆڕشێکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی پێویستە بەرپابکرێت لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی

ڕاستەقینە و بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە پێکهاتە یاسایی و سیاسییە داسەپاوەکانی ڕۆژدا. کۆمۆنالیزم ڕێگایەک بوو لەم پێناوە و بۆ ئەو ئامانجە. لەپێناو دەستڕاگەیشتن بە شوێنپێیەکی تۆکمە بۆ دژوەستانەوە لەبەرانبەر مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە. بوکچین هەوڵی خۆی دا تاوەکو ئانارشیستەکان بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەمە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئانارشیستەکان ئامادەییەکی چالاکیان هەبێت لە شانۆی سیاسەتدا. بەڵام وردەوردە لە ئانارشیستەکانیش نائومێد بوو، سەرئەنجام دەستبەردار بوو. ئۆجەلان و بوکچین هەردووکیان، ئۆجەلان و بوکچینیش لە بەرهەمەکانیاندا شیکاری گۆڕانکارییە مێژووییەکانی شارستانیەتیان خستۆتە بەرباس. ئەویش نەوەک لەبەر ئەوەی پێشبینیی ئایندە بکەن، بەڵکو بە پشتبەستن بە میتۆدی دیالەکتیکی کۆشاون ئەگەرەکان لە ئایندەدا و ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە دواتر بنرێن، دەستنیشانبکەن. هەردووکیان ڕیشەکانی شارستانیەتیان خستۆتە بەرباس، بۆ نمونە بوکچین لەهەردوو کتێبی «ئیکۆلۆژیای ئازادی» و «شارنشینی بەبێ شار» و ئۆجەلانیش لەهەردوو کتێبی «لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرییەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراتیک» و «نەخشەڕێگا» بەم کارە هەستاون. هەردووکیان گێڕانەوە مێژوویەکانیان لەچاخی نیۆلیتیک (بەردینی نوێ)ـەوە دەستپێدەکەن و تێیدا لە سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و دەرکەوتنی خاوەندارێتیی تایبەت و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی کۆڵیونەتەوە و بەهەمان شێوە پرسی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئاین، دەوڵەت، حکومەت، سوپا، ئیمپراتۆریەتەکان و ئەرۆستۆکراتیەت و فیوداڵیزمیان خستۆتە بەرباس. لەکۆتاییدا گەیشتوون بە پرۆسەی مۆدێرنە و لەبارەی ڕۆشنگەری و زانست و تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی و سەرمایەدارییەوە قسەیان کردووە. بوکچین، لەم گێڕانەوە مێژووییەی خۆیدا و لەپێناو بەرگریکردن لە پرۆژەی ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، ئەوە دەخاتەڕوو

که تەنها بە ڕیفۆرمی دەوڵەت هیچ کێشەیەک چارەسەرنابێت و پێویستە گۆڕانکارییەکان ڕادیکاڵانەتر و ڕیشەییتر بن. ئەو بۆ کۆمەڵگاکانی پێش داهێنانی نوسین (pre literate) دەگەڕێتەوە و ئەوەمان نیشاندەدات کە ئەم مۆدێلە لە کۆمەڵگا بەشێوازی کۆمۆنیال و هەرەوەزییانە(cooperative) ژیاون. چەند تایبەتمەندییەک دەژمێرێت کە بەهۆیانەوە گیانی هاوکاری و هەرەوەزی لەنێوانیاندا بەدیهاتووە، لەوانە وەکو مافی بەکارهێنان و سودوەرگرتن لە کەرەستە و ئامرازەکانی ژیاری بەگوێرەی پێویست و بەبێ ئەوەی هیچکەس مافی خاوەندارێتیی بەسەریانەوە هەبێت یان مافی ئەوەی هەبووبێت باج بخاتەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە، و مافی هەموان لە سودوەرگرتن لە پێداویستییەکانی ژیان بەچاوپۆشی لەوەی کێ کاری زیاتر یان کەمتری کردووە. بوکچین ئەم جۆرە کۆمەڵگایە بە کۆمەڵگای ئۆرگانیکی (organic society)هەژماردەکات. بەڵام بەگوێرەی گێڕانەوەکەی بوکچین، لەم کۆمەڵگا ئۆرگانییەوە وردەوردە و بەهێواشی سیستەمگەلی هیرارشی و هەرەمئاسا سەریانهەڵداوە، سیستەمگەلی وەک سیستەمی باوکسالاری (patriarchy) و هەژموون بەسەر ژندا، سیستەمی پیرسالاری ,(gerontocracy) فۆرمەلەبوونی چینی پیاوانی ئاینی، پیاوانی سەربازی و جەنگاوەران، سەرهەڵدانی دەوڵەتەکان و دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی. لەم ڕێگایەدا وردەوردە و لەسەرخۆ ئایدیای کۆنترۆڵکردنی سرووشت سەریهەڵدا و سەرئەنجام سرووشت قۆرخکرا و بەکارهێنرا. هەڵبەت لەبەرانبەر ئەم سیستەمەدا هەمیشە بەدرێژایی مێژوو بەرهەڵستکاری و بەرخۆدان هەبووە و هەیە، کە ئەم بەرەنگاری و بەرخودانانە ئیلهامیان لە هەمان کۆمەڵگای پێشینی ئۆرگانییەوە وەرگرتووە و بە بنەماکانی ئەوان پشتبەستوو بوون. بوکچین لەکتێبی «شارنشینی بەبێ شار» ئاماژەی بۆ چەندین نمونە لەم جۆرە

کۆمەڵگا ئۆرگانییانە کردووە. لە ئەسینای کۆن و شارە سەرەتاییەکان لە ئیتالیا و ئەڵمانیاوە پێدا هاتووە بۆ کۆمۆنەی پاریسی ساڵی ۱۸۷۱ و سۆڤێتەکانی ڕووسیا لەساڵی ۱۹۱۷ تا ۱۹۵۰ و شۆڕشی ئیسپانیا لەنێوان ساڵانی ۱۹۳٦ بۆ ۱۹۳۷ و تەنانەت ئاماژەشی بە نمونەی زیندووی ئەمڕۆیی کردووە، وەک کۆمەڵگای شارەدێیەکانی نیوئینگلاند new England towns- لە ناوچەی نیوئینگلاندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بوکچین بەپێچەوانەی مارکسییەکانەوە، ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن شۆڕش هێندەی لە شارەدێ و شارۆچکە و شارەکانەوە دەکرێت بەرپابببێت، هێندە لەکارخانەوە سەرهەڵنادات. ئۆجەلانیش لە دووتوێی ئەو بەرهەمانەیدا کە لە زیندان نوسیونی، هەمان ڕێچکەی بوکچینی گرتەبەر. مێژووی شارستانیەتی سۆمەری خستە بەرباس و زەقورەکانی(زەقورە؛ یان زیگۆرات پەرستگا شێوە پلیکانەییەکانی سەردەمی سۆمەرییەکانە و خودی وشەکە بەسۆمەری بەواتای ڕۆیشتن بەرەو ئاسمان دێت) بە منداڵدانی دەزگای دەوڵەتی هەژمارکرد. ئۆجەلان، ئەو پیاوە ئاینییە سۆمەرییانەی کە ئەم زەقورانەیان بنیاتنا، بە یەکەمین ئەندازیارانی دەسەڵاتی سیاسیی مەرکەزی لەقەڵەمدا. ئەو پیاوە ئاینییانەی کە پەرستگاکانیان لە شارەکاندا بنیاتنا و سەرئەنجام لەهەناوی ئەم پەرەستگایانە و لەدڵی ئەم شارانەوە دەوڵەتەکان و ئیمپراتۆرییەتەکان و شارستانیەتی سەریانهەڵدا. لەدیدگای ئۆجەلاندا، زەقورەکان: " تۆوی هەزاران دەزگای شارستانییەتیان چاند..... یەکەمین دەزگای پەرستن بوو کە خودا تێیدا یەکەمین بەندەی خۆی ئافراند. زەقورە هاوکات ناوەندی چالاکییە هونەرییەکان و نمایشی موزیک و هەروەها زانکۆش بوو. یەکەمین خانەی خوداکان و یەزدانەکان بوو. سۆزانیخانە گشتی و تایبەتییەکانیش بۆ یەکەمینجار هەر لێرەوە پەیدابوون..... تەواوی قوتابخانە و پەرستگا و هۆڵەکانی قۆناغ و چاخەکانی

دواتر شێوەی پەرەسەندووی ئەم زەقورانەن....". بەڵام ئەم ڕێگوزەرەی پەرەسەندنی شارستانیەتیە بەبێ کۆسپ و تەگەرە نەبووە. گەرچی یەکەمین دەزگای دەوڵەتی لەسۆمەرەوە سەریهەڵدا و بە وتەی ئۆجەلان مێژوو لەسۆمەرەوە دەستی پێکرد، بەڵام یەکەمین بەرخودان و بەرگرییەکانیش دژبەم پەرەسەندنە، هەر لەسۆمەرەوە دەستی پێکرد. جێگەی ئاماژە پێدانە کە چەمکی ئازادیش بۆ یەکەمینجار لەمێژوودا لەنێو تاتەقوڕە بزمارییەکانی پاشماوەی سۆمەرییەکان کە بە خەتی بزماری نوسراون، بەرچاوکەوت، کە ئەم چەمکە یان ئەم گوزارەیە ئاماژە بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و گشتیی سەرکەوتوو دەکات دژبە پادشا ستەمکارەکان و چەمکەکەش بەزمانی سۆمەری بریتییە لە "amargi" و مانای حەرفیی ئەم گوزارەیەش (ئازادی - amargi) لەزمانی سۆمەریدا بریتییە لە "گەڕانەوە بۆ باوەشی دایک". دەتوانرێت ئەم گوزارەیە، گەڕانەوە بۆ باوەشی دایک، بە گەڕانەوە بۆ بنەچەی دایکسالاری تەفسیربکرێت، بەهەرحاڵ دایکایەتی سەخاوەتمەندێتییە. ئۆجەلان لەکتێبی «بەرگری لەگەلێک»، لەبارەی کۆمەڵگای سرووشتییەوە قسەوباس دەکات، کە هاوشێوەی کۆمەڵگای ئۆرگانیی بوکچینە. لەبارەی شێوە و فۆرمە سەرەتاییەکانی ئەم کۆمەڵگا سرووشتییانەوە دەنوسێت: "مەبەست لە کۆمەڵگای سرووشتی، ئەو سیستەمەیە کە ڕەگەزی مرۆڤ هەرکە لەشێوە مرۆڤی سەرەتای دابڕا، خۆی تێدا بینییەوە و کۆمەڵە مرۆییەکان لەنێو ئەم سیستەمەدا پێکەوە و بۆ ماوەیەکی دورو درێژ و بەشێوازی کۆمەڵایەتی ژیاون تا ئەوەی کە کۆمەڵگای هیرارشی و هەرەمدار سەریهەڵداوە. بەگشتی بەم گرووپ و کۆمەڵە مرۆییانە کە ژمارەیان لەنێوان بیست بۆ سی کەسێک بووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامراز و کەرەستە بەردینیانەی بەکاریان هێناوە، وتراوە (کلان - clan) و جاروباریش پێیان دەوترێت مرۆڤی چاخی بەردینی

کۆن و هەروەها مرۆڤی چاخی بەردینی نوێیشیان پێ وتراوە. ئەم گرووپانە لەڕێگەی ڕاوشکار و لەڕێگەی کۆکردنەوەی ڕووەک و گیا و بەروبومی درەختەکان و ئەوەی لە سرووشتدا هەبووە، ژیاون و خۆراکیان بەدەستخستووە". لەم کلانانەدا ژیان بەشێوازی کۆمۆناڵ بووە: "مرۆڤی کۆمەڵگای سرووشتی لانیکەم بەبێ هیچ مەرجێک بەرەهایی پابەندی یاسای پێکەوەیی ئەندامەکانی ئەو کلانە بووە کە خۆی بەشێک بووە لێی. ئەندامی کلان ناتوانێت بیر لەژیانێکی جیاوازتر لەژیانی ئەندامەکانی دیکەی کلان بکاتەوە. ژیان لەدەرەوەی کلان، شتێکە بەخەیاڵی کەسدا نایەت و وێناناکرێت. کۆمەڵگایەکی داماڵراو لە تایبەتمەندیی کەسێتی، داماڵراو لە چین و پلەبەندیی هەرەمی و قۆرخکارییە و ملیۆنان ساڵ درێژەی کێشاوە....لەهەناوی ئەم کلانانەدا پەیوەندیی شەخسی و تایبەتی بوونی نیە. ئەوەی لە ڕاوشکار و بەروبوومی درەختان کۆکراوەتەوە، هی هەموانە. منداڵان موڵکی خودی کلانەکانن. ژن و پیاو هێشتا موڵکی تایبەتی یەکتر نین و پەیوەندیی تایبەت ناناسن. پێدانی ناوی کۆمۆنەی سەرەتایی بەم جۆرە کۆمەڵگایانە، لەم تایبەتمەندییانەوە سەرچاوەی گرتووە". ئۆجەلان بەمجۆرە ئەنجامگیری دەکات: "کۆمەڵگای مرۆیی هێندەی لەسەر بنەمای پێکەوەیی و هاوپشتیی درێژخایەن بەندە، هێندە لەسەر بنەمای پەیوەندیی حاکمیەتی ماوەدرێژ بەند نیە. ئەم کۆمەڵگایە سرووشت هەروەک دایکێک وێنا دەکات کە لە دامێنیدا گەورە بووە و وابەستەیی نێوان سرووشت و مرۆڤ بنەمای ژیانە". کەواتە لەنێو کۆمەڵگا سرووشتییەکاندا، خەڵکی وەک ئەوەی بەشێک بن لە سرووشت، ژیاون و کۆمۆنە مرۆییەکان بەشێک بوون لە ئیکۆلۆژیای سرووشتی. ئۆجەلان باوەڕی وایە ویست و ئیرادەی ژیانکردن لەنێو کۆمەڵگای سرووشتییدا، کە ئازادی و یەکسانیی بۆ مرۆڤ بەبارهێنا و ئەمەش ئەو هەلومەرجە بوو کە مرۆڤ بۆ

ماوەیەکی درێژ لەسەر ئەم بنەمایە (ئازادی و یەکسانی) ژیا، هیچ کات لەناونەچووە و لەناوناچێت. سەرهەڵدانی دەوڵەتەکان و سیستەمە هیرارشی و هەرەمئاساکان تەنها دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ویست و ئیرادەی ژیانکردنیان لەنێو کۆمەڵگا سرووشتییەکاندا چەپاندووە و هیچی تر. ویست و ئیرادە بۆ ئاواکردنی کۆمەڵگای سرووشتی لەنێو گروپ و دەستە قەومی و بزاوتە چینایەتی و گروپە ئاینی و فەلسەفییەکان کە لەپێناو بەدەسختستنی ئازادییدا هەمیشە بەرخودانیان کردووە، هەبووە و لەدژبەرایەتی بەردەوامدا بووە لەگەڵ مۆدێلی کۆمەڵگای هیرارشی و هەرەمئاسادا: "کۆمەڵگای سرووشتی هیچ کات لەناونەچووە..... هەمیشە توانای خۆبەرهەمهێنانەوەی هەبووە، چ لەچوارچێوەی یەکێتیی نەتەوەییدا بووبێت یان لەقاڵبی ئازادیی کۆیلەدا، یاخود لەفۆرمی زەمینەیەکدا بووبێت بۆ تێپەڕاندنی چینی کرێکار و دەرکەوتنی کۆمەڵگای نوێ، یان لەشێوازی کۆمەڵگای کۆچەریی جەنگەڵ یان بیابانشینیدا بووبێت، یاخۆ لەمیانەی لادێنشینیی ئازاد و خێزانی پشتبەستوو بە دایک بووبێت، سەرباری ئەو هەموو وێرانکردنە و سڕینەوەیەی، کەچی وەک ئەخلاقی زیندووی کۆمەڵگا هیچ کات بەتەواوەتی مەیدانی چۆڵ نەکردووە". کەواتە بەرمەبنای ئەمە: "بەپێچەوانەی باوەڕی باو ، تەنها وزە و هێزی دینامیکی لەپێشکەوتنی کۆمەڵگادا بریتی نیە لەخەباتی سنورداری چینایەتی، بەڵکو بەرخودان و بەرگری بەها گەورەکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیش لەم میانەیدا ڕۆڵی گەورەی هەیە. هەڵبەت لێرەدا ئامانج ئەوە نیە خەباتی چینایەتی پشتگوێ بخرێت، بەڵکو قسەکە ئەوەیە کە دەبێت خەباتی چینایەتی تەنها وەک یەکێک لە هێز و وزە بزوێنەرەکانی مێژوو هەژماربکەین. ڕۆڵی سەرەکی هەمیشە ئەو مۆدێلە لەکۆمەڵگا دەیگێڕێت کە بەردەوام لەدۆخی کۆچکردندان بۆ کێو و دەشت و دارستان و بیابان". بەم جۆرە ئۆجەلان بانگهێشتی ئێمە

دەکات بۆ دامەزراندنی "کۆمەڵگای دیموکراتیکی ئیکۆلۆژی" و مەبەستی لەم جۆرە کۆمەڵگایەش بریتییە لە سیستەمێکی ئەخلاقی کە بنیاتنرابێت لەسەر پەیوەندیی دیالەکتیکیی جێگیر لەگەڵ سرووشت کە تێیدا ژینگەی گونجاوی گشتی بۆ ژیان لەڕێگەی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆوە بەدەستدێت. هەریەک لە بوکچین و ئۆجەلان باوەڕیان بەم وانە ستالینییە نیە کە گوایە هێزی سەرووتر لە مرۆڤ تاکەکان کۆنترۆڵدەکات. کەواتە لەسەر ئەم بنەمایە سەرهەڵدانی هیرارشییەت و پلەبەندیی هەرەمییانە و هاوکات سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری ناکرێت وەک چارەنوس و حەتمییەتێک وێنابکرێت. لە دیدی هەردووکیانەوە، ڕێگوزەری مێژوو هەمیشە دەتوانرا بەشێوازێکی تر پەرەبسێنێت و هەر ئەوەی کە ئێمە سەردەمانێک توانیومانە بەشێوازی کۆمۆناڵ بژیین، کەواتە دەتوانین سەرلەنوێ هەمان شێوەی ژیان زیندووبکەینەوە. ڕەنگە ئەمە هەمان دیدگای ڕزگاریی بنەڕەتی بێت لە ئایدیای هەریەک لەئۆجەلان و بوکچین دا. هەمان ئەو ئومێدەی کە بۆ زیندووکردنەوەی ئەم شێوازە لەژیان لە دووتوێی کتێبی ئیکۆلۆژیای ئازادیی بوکچیندا پەنهانە لە کتێبی «بەرگری لەگەلێک»ی ئۆجەلانیشدا بەرچاودەکەوێت. ئەم هەست و سۆزە خرۆشێنەرە، ئەوەی کە خەڵکی سەردەمانێک لەنێو جۆرە هاوپشتییەکی کۆمۆناڵیدا ژیاون و ئێستا گەر ئێمە بڕیاربدەین ڕۆتینە کۆمەڵایەتیەکانمان بگۆڕین، دەتوانین دووبارە هەمان ئەو هەست و سۆزە ئەزمونبکەین. "مانیفیستۆی کۆنفدرالیزمی دیموکراتیکی کوردستان" کە ئۆجەلان لەمارسی ٢٠٠٥دا بڵاویکردەوە، بانگەوازێکە بۆ ئاواکردنی (پێکهاتەیەکی کۆمۆناڵ-دیموکراتیک)ی بنیاتنراو لەسەر کۆمەڵگای سرووشتی کە تێیدا بڕیارە سەرەکییەکان لەدەستی ئەنجومەنی گوند و گەڕەک و شار و ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنانەدایە. بەڵام ئەم جۆرە ئایدیایانە چۆن دەتوانن وەڵامگۆی

پرسی گەلی کورد بن؟ لەدیدی ئۆجەلاندا گەلی کورد هەمیشە پابەندی بنەمای هەرەوەزی و بەهاکانی کۆمەڵگای ئۆرگانی بوون. لە دیدی ئۆجەلاندا کۆمەڵگای گەلی کوردی لەڕابوردوو و مێژووی خۆیدا هەمیشە لەسەر پایەی سیستەمی کلاّن و کۆنفدراسیۆنی خێڵەکی وەستاوە و لەمۆدێلی کۆمەڵگای پشتبەستوو بە دەوڵەتی مەرکەزی بەدوور بووە و هەر لەبەر ئەمەش کورد توانای گریمانەیی ئازادییان هەیە. هەڵبەت ئۆجەلان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە گەیشتنی گەلی کورد بە ئازادی بەمانای ئازادی هەموان دێت. "هەر ڕێگاچارەیەک لەچەند بژاردەیەک پێکدێت کە نەوەک هەر بۆ گەلی کورد گرنگ و بەبایەخن، بەڵکو وەلاّمگۆی هەموو گەلانی تریشن. ئەمەش واتە من بۆ ئەم پرسە لەسەر بنەمایەکی مرۆڤگەرایانەوە فیکری خۆم ئاوادەکەم. یەک مرۆڤایەتی و یەک سرووشت و یەک جیهان". ئۆجەلان باوەڕی وایە گەر بێتو کوردەکان دەست بۆ ئاواکردنی دەزگاگەلی دیموکراتیکی لۆکاڵی درێژ بکەن، ئەوا پلەبەپلە هەموو تورکیا دیموکراتیزە دەبێت. ئەم دەزگایانە لەشێوەی تۆڕێکدا دەردەکەون و بەدرێژایی سنوری هەنوکەیی نەتەوەکان دەتەنن و وەک دینامیکێک بۆ خێرا دەرکەوتنی شارستانیەتی دیموکراتیک لەکاردا دەبن و سەرئەنجام نەوەک هەر ئازادی بۆ کوردەکان فەراهەم دەکات، بەڵکو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی جیۆپۆلەتیک و جوگرافیای کەلتورییش دەخاتە ڕۆژەڤەوە و لەکۆتاییدا یەکێتییەکی کۆنفیدراڵیی دیموکراتیک لە تەواوی ڕۆژهەلاّتی ناوین دا بەباردێت. ئۆجەلان ئەم دەستەواژە کوردییە، بە خودموختاری ناودەنێت: کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک. کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک، تێیدا بڕیاری گەل و خەڵک و ئەنجومەنەکان گرنگ و بەبایەخن. ئەمە سیستەمی دیموکراتیکی بێ دەوڵەتی گەلە. سیستەمێکە کە تەواوی توێژەکانی گەل، لەسەروی هەموویانەوە ژن و گەنجان، سیاسەتی ڕێکخراوەیی دیموکراتیکیانەی

خۆیان دەستنیشاندەکەن و لەسەربنەمای هاوڵاتی کۆنفیدراسیۆن بەشێوازی ڕاستەوخۆ و بەرابەر، ئەنجومەنە ئازادەکانی خۆیان لە ناوچەکە بەرپادەکەن...ئەم سیستەمە هێزی خۆی لەگەلەوە بەدەستدێنێت و لە بواری ئابورییشدا هەوڵدەدات بگات بە ئاستێک کە بکرێت پشت بە بەروبوومی ناوخۆیی ببەستێت. کاتێک بوکچین لەمانگی جوڵای ٢٠٠٦دا کۆچی دوایی کرد، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە پەیامی پرسە و سەرەخۆشیدا بۆ مەرگی بوکچین، وتی: " تێزەکەی بوکچین لەبارەی دەوڵەت، دەسەڵات و هیرارشیەت، لەڕێگەی بەرخودانی ئێمەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و دەبێت بە واقیع.... ئێمە ئەم ئومێد و هیوایە بۆ کارکردن لەم ڕێگەیەدا دەپارێزین و ئەم ئومێدە لەدەستنادەین تاوەکو ببینە یەکەمین کۆمەڵگایەک کە کۆنفیدرالیزمێکی دیموکراتیکی بەرجەستە لە واقیعدا بەدیدێنێت". ئێستا لانیکەم سێ ساڵێک دەبێت کە ئەم سیستەمە لە کوردستانی تورکیا و بەدوایدا لە ڕۆژاڤا، بە پشتبەستن بە هەرسێ بنەمای ئیکۆلۆژی و دیموکراسی و یەکسانیی جێندەری بەبارهاتووە و کۆبانی لەگوڵەکانی هەمان بەروبوومە.

سەرچاوە:

https://meidaan.com/archive/3976